www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17-2-2006 9:54

## هەناسەی ئومێدێک... ! کورتە چیرۆک ... م. حەمید عەزیز



سەفەرێکی ئەوروپام کەوتە بەرو شەش مانگ خولێک بەناوی (خولی مامۆستایان بۆ زانیاری) لە وولاتی فەرەنسا. ئەیانزانی مامۆستای عێراق رۆشنبیری کەمەو هەمیشەش دارێکی پێ یە لە قوتابی ئەدات و جنێوی پیسیش بە قوتابی ئەدات، لەبەر ئەوە زوو زوو دەورەمان بۆ ئەکرایەوە بۆ ئەوەی تۆزێ فێری هەڵس و کەوت بین لەگەڵ قوتابیان و بزانین کێشەکانیان بۆ چارە بکەین، بەڵام بەپێچەوانەوە ئێمەی مامۆستا بوو بووین بە تەنگ و چەڵەمە و کێشە بۆ قوتابییان. منیش کەم تەرخەمیم تیا نەکرد بەپەلە خۆم پێچایەوەو ئیش و کارەکانی خۆم و ماڵەوەم ساف کرد، هەرچەندە مامۆستاکانی هاورێم پێیان ووتم...

_ کورە نەکەی کورە نەچی.. ها، سەفەر مەکە لەم مانگە دا چەند فرۆکەی زەبەلاح کەوتۆتە خوارەوە، دەستمان دامێنت ئاتە بەجێ مەهێڵە بەمناڵێکەوە، بیکە لە رایی خوا لەکەلی شەیتان وەرە خوارەوەو ئەم سەفەرە بگۆرە و جارێکی تر برۆ، خۆ خوا هەر ئەم جارەی دانەناوە جارێکی تر برۆو ئێمەش دێین لەگەڵتا، بڕوامان پێ بکە سەفەر بەتەنیا زۆر ناخۆشە پەشیمان ئەبیتەوە.. ها.. دوایی نەڵێی پێیان نەوتم ئیتر ئەوە گلەیی خۆت لەسەر خۆت.

زۆریان هیناو برد بەڵام من هەر دڵم بەو سەفەرەوە بوو کەبیکەم چونکە دارزابووم لەو وولاتە، تەمەنم نزیکەی سی ساڵ دەبوو یەک سەفەرم بۆ دەرەوەی وولات نەکردبوو هەرگیز ناو فرۆکەشم نەدیبو چونکە لەزەمانی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەی بەعس تەنها بەعسی یەکان بۆیان هەبوو سەفەر بکەن چونکە گەرمەی شەڕی ئێران و ئێراق بوو.

هەرچۆنێک بوو گەیشتینە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی بەغدادکەسەدام ناوی نابوو (فرۆکەخانەی سەدام)، بەپاسێک بردیانین بەرەو لای فرۆکەکە، جانتایەکی دەستیم پێبوو لەپلیکانەکان سەرئەکەوتم زۆر دڵم خۆش بوو، ئەمووت..

_ سەفەر زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ هەر هیچ نەبێ زەوی لەسەرەوە ئەبینم و گەشتێک بەدنیایەکی نوێ ئەکەم و دوایش ئەیکەم بە بابەتێک و بۆ قوتابی یەکانی ئەگێرمەوە.

کارمەندێکی ناو فرۆکەکە شوێنی دانیشتنەکەی بۆ دەست نیشان کردم و جانتاکەی لێ وەرگرتم خستی یە سەرەوەی خۆم. تەماشای ئەملاولای خۆم کرد چەند مامۆستایەکی عارەب دانیشتوون و کەلەهەمان گروپی خولی مامۆستایەتی یەکە بوون.

سەفەرێکی سەیرو خۆش و ترس و.. هەستم بەهەموو جۆرە هەستەکان دەکرد لەسەرێکی تریشەوە ئەم ووت..

_ بەخوا ناگەرێمەوە خوائەکا دەستم لەو خاریج و ماریجە گیر ئەبێ چیم داوە لەم شەرە سەگە هەر رۆژەی شەڕ لەگەڵ وولاتێک و هەر رۆژەی چەرمەسەری یەک.

لەم بیرکردنەوەیەدا بووم پیاوێکی پیر لەولامەوە دانیشت و سەیرێکی منی کرد و ووتی

_ ئەرێ کاکە کوردی؟ منیش ووتم..

_ بەڵێ.
_ ئۆخەی خوایە لێو بەزیاد بێ.
کابرای پیرە شوێنی خۆی چاک کردو لێی دانیشت هەر سەرەتاتکێی دەرەوەو ناوەوەی بوو لەوە ئەچوو ئەویش یەکەم جاری بێت.
لە بڵنگۆی ناو فڕۆکەکەوە بەعارەبی بەخێر هاتنی کردین و ووتی..
_ پێنج خولەکی تر فڕۆکەکە بەرز دەبێتەوە لە فڕۆکەخانەی سەدامی نێودەوڵەتی یەوە بۆ فڕۆکەخانەی پاریس لەماوەی پێنج سەعات بەئاسمانەوە دووایی ئەگەینە ووڵاتی فەرەنسا و، ئەو بەرەوام بوو لەسەر قسەکانی و دووایش بوو بە ئینگلیزی..
داڵغەیەکی خۆشم لێدا کەچۆن ئەگەمە فەرەنساو لەپاریس لائەدەم و دوایش ئەچم بۆ لای بورجی ئیڤڵ و دوسێ وێنە ئەگرم بۆ یادگاری و پیشانی قوتابی و ناسیاوەکانی ئەدەم پێیان ئەڵێم..
_ خاڵە ئەوە منم لە پاریس تو شەرەف چۆنم هەرلەخۆم نایەت؟ لەم داڵغەیەدا بووم لەپڕ ئەفسەرێک دەستی خستە سەر شانم و ووتی..
_ دابەزە بۆت نی یە بڕۆیت.
منیش داچڵەکیم و بو بووم بەدو بەشەوە بەشێکم لەناو فڕۆکەکەو بەشێکیشم لەسەر سیسەمەکە و.. ئاتەی ژنیشم ڕایئەوەشانم و ئەیووت..
_ ئازاد، کوڕە ئازاد.. وی بیسمیللا پیاوەکە تێک نەچی.. ئەوە ئاوم بۆ هێناوی بیخۆی ئەوە چی یە؟ ئەمشەو هەر پرخانوتە و بەدەم خۆتەوە قسەت کردوە.

M_Hamidaziz@hotmail. com